

# لەودیو ئاسمانەوە



کانی هەڵەبجەیی

هۆڵندا

Kany_awin@hotmail.com

تاڵ تاڵی پرچە کاڵە خاوەکەم

لە پەنجەی تیرۆژەکان دەئاڵێنم و

دەیدەم بە ڕوخساری خەواڵووتدا

هەرچی ماچە نەکراوەکانی لێوە هەنارییەکانمە

ئەیخەمە باوەشی پەڵە هەورێکی چاوڕەش و

لە هەر کوێ بێ

تێر ماچ ئەدەم بە شانی لێوانتدا

هەر لەودیو ئاسمانەوە

ئەبمە هاوڕێی فریشتەیەک و

ڕوخسەتی لێ وەرئەگرم

شەوێکی تار بێمە ناو چاوەکانتەوە و

ببمە شازادە ...لە خەونتدا

کاتێ پەلکەزێڕینەت دی

باوەڕ بە دایکت نەکەی

گەر پێی ووتی ئەوە پرچی حەزرەتی

ئایشە و فاتمەیە

نــــــــــــــــــــــــــــــــــــــ||||||||

ئەوە خەونە نەهاتووە دییەکانی منن

لەودیو ئاسمانەوە

شۆڕ دەبنەوە بە ژیانتدا

چی خەندە و شادییە هەڵنەپچڕاوەکانی

تەمەنە پایزییەکەمە

بێ ئەوەی بیانکەمەوە

ئەیانخەمە سەر لێوی مانگە شەو و

هەڵیدێنم ... لە ئامێزی ئاسمانتدا

هەر لەودیو ئاسمانەوە

لەسەر ئەژنۆ دائەنیشم و

تکا لە دادار ئەکەم

ئازادی و ئاشتی بباریێنێ

بەسەر وڵاتە بێ نازەکەی هەردووکماندا

لەودیو ئاسمانەوە

بە کۆڵانەکانی بەهەشتا

گوزەر ئەکەم و نابمە پەری

نەکا بمکەنە دیاری پیاوچاکێک و

بڵێن: "هانێ حۆری!"

لەودیو ئاسمانەوە

سوێندێک ئەخۆم

هەرگیز خۆشم نەوێیتەوە

نە تـــــــــــــۆ

نـــــــــــــە درۆ

نـــــــــــــە کوڕێکی تری وەک تـــــــــــــۆ

بـــــــــــــۆیە لەگەڵ بارانێکـــــــــــــدا

گشت چـــــــــــــرپەکانی دڵم بۆلات ئەنێرم و

ئەیبارێنم بە پەنا گوێتـــــــــــــدا

ئەی کوڕی ئازارەکانم

هەتا ماوی خەمەکانم

ئەترپێنن لە دڵتدا

